سودانی چەند راسپاردەیەکی ئەمنی دەردەکات:پێرەپەدانی بەردەوام بکرێت بە کارەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی

سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە سەردانی بارەگای دەزگای ئاسایشی نیشتمانی کرد و لە میانەی سەردانەکەیدا کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا کە سەرەکی دەزگاکە و بەرپرسەکانی لەخۆگرتبوو و تێیدا پێداچوونەوەی بە کارەکانی دەزگاکە و پلانەکانی کرد بە پێوەکردنی ئاسایش و هاوناتی تاوانە ڕێکخراوەکان لە وڵاتدا. نوسینگەی هاگیاندنی سەرەکی ئەنجومەنی وەزیران بەاویکردەوە سودانی ستایشی هەوڵەکانی کارمەندانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی کرد بە هووبووونەوەی ئاستەنگە ئەمنییە جەراوجەرەکان لە چەندین قەناغدا، هەروەها شەهیدانی دەزگاکەی وەبیرهێنایەوە کە لە کاتی هووبووونەوەیاندا لەگەڵ باندەکانی تاوانکاریدا بوونە قوربانی و جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە بەردەوامبوون لە کارکردن بە خەراییەکی بەرز وەک پاداشتکردنەوەیەکە بە قوربانییە مەزنەکانیان، هەروەها بەڕێزیان جەختی لە تایبەتمەندی دەزگاکە کردەوە وەک دامەزراوەیەکی گرنگی ئەمنی بە پشتیوانیکردنی ئاسایش لە سەرانسەری وڵاتدا و گرنگی دوورخستنەوەی لە گرژی و پێوەندییە سیاسییەکان.

سەرەک وەزیران ئاماژەی بە یاسای دەزگای ئاسایشی نیشتمانی کرد کە لەم دواییانە پەسەندکرا و

لایگەیاند گرنگە وەک دەستپێکێک بە قۆناغێکی نوێی کارکردن بێت بە بەدیهێنانی دەستکەوتە ئەمنییەکان، هەروەها ئاماژەی بە ئەوەدا کە پێویستە پێرەپێدانی بەردەوام بە کارەکانی دەزگاکاکە پەسەند بکرێت: بە هووبووونەوەی ئەو شوازە نوێیانەی کە تاوانباران دەیگرنەبەر و جێختی لە پشتیوانی کردن و پاڵپشتی کردنی خێی کردەوە بە هەر هەوڵێکی ئەمنی کە بە دەزگاکە بسپێردرێت و ڕێتکردنەوەی هەر فشارێک کە لە ئەفسەران و کارمەندانی ئاژانسەکە دەکرێت لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە ئەمنیانەی کە پێیان سپێردراوە.

سودانی ڕاسپاردەکانی پێشووی خێی نوێکردەوە بە ئەوەی هیچ دوودڵ نەبن لە کارەکانی دەزگاکە و کارەکانیان بە تەواونەکراوی بجێ نەهێڵن و جێختی لە پێویستی بەدیهێنانی دادپەروەری کردەوە لێنەوان ئەو ئەندامانەی کە لە دەزگاکەدا کاردەکەن لەگەڵ مامەڵەکردنی باشدا لەگەڵ هاوڵاتیان و ئاماژەی بەوەشکرد لە ئەستادا دەزگا ئەمنییەکانمان خاوەن ئەزموونێکی باشن و بەسەر هاوتاکانیان لە ناوچەکە تەدپەڕێت، چوونکە پشتیوانی دەوڵەتیان بەدەست هێناوە و پێویستیان بە هەوڵی زیاتر بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان.

سودانی ئاماژەی بەو چاکسازییانە کرد کە حکومەت لە بواری ئابووری و بەرێنگاربوونەوەی گەندەڵی و تاوانی ئابوری دەستیپێکردووە، ئەمەش پێشینەیەکە پێویستی بە کاری بەردەوام و یەکسان هەیە لەگەڵ چەرخی گەشەکردنی وڵاتەکەدا.